نوێژ دروست نیە ؛ کاتێک خواردن ئامادەبێت، یان کاتێک تەنگەتاو بێت بە یەکێک لە پیسیەکان

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: ««نوێژ دروست نیە ؛ کاتێک خواردن ئامادەبێت، یان کاتێک تەنگەتاو بێت بە یەکێک لە پیسیەکان».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لەنوێژکردن لەکاتێکدا خواردن ئامادەیە ونوێژخوێن دڵی لەلایەتی و بەپەرۆشیەتی ؛ بەهۆی برسێتیەوە. وهەروەها نەهی کردووە لەنوێژکردن لەکاتێکدا تەنگاوە، چونکە نوێژخوێن بیری لەلای چۆنیەتی خۆ دەربازکردنە لەم ناڕەحەتیە ؛ بۆیە بەڕێکی نوێژەکەی ئەنجام نادات.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3088